# خودا
# پێغەمبەران
# قوربانی

# خودا و پێغەمبەران و قوربانی

لە کوردستان، هەموو ساڵێک خەڵکێکی زۆر ئاهەنگی جەژنی قوربان دەگێڕن بە یادکردنەوەی پێغەمبەر ئیبراهیم و گوێڕایەڵبوونەکەی بۆ خودا کاتێک خودا پێی گوت کوڕەکەت بکە قوربانی. بەڵام ئایا دەزانیت کە چیرۆکی قوربانی بە تەنها پەیوەست نییە بە پێغەمبەر ئیبراهیم؟ حەزرەتی ئادەم و پێغەمبەر موسا و پێغەمبەر هارون و پێغەمبەرەکانی تریش بەشێکن لە چیرۆکی قوربانی لە مێژوودا.

هەموو ئەو قوربانیانە لە مێژووی پێغەمبەراندا خۆشەویستی و ڕەحمی خودا بۆ گەلەکەی و بۆ تۆش نیشاندەدات. خوێنەری ئازیز، تکایە تەنها ١٠ خولەک تەرخان بکە بۆ خوێندنەوەی ئەم نامیلکە تا بزانیت چیرۆکی جوانی خودا و پێغەمبەران و قوربانی چییە. ئەم نامیلکەیە باسی خودا و پێغەمبەران و قوربانی دەکات بەپێی کتێبی پیرۆزی خودا.

# حەزرەتی ئادەم و حەوا

تەورات پێمان دەڵێت کە لە سەرەتادا خوای گەورە ئاسمان و زەوی دروست کرد. خودا دوو مرۆڤی دروست کرد لەسەر وێنەی خۆی و لە ناو باخچەی عەدەن داینان. ناویان حەزرەتی ئادەم و حەوا بوو. حەزرەتی ئادەم و حەوا دوو کەسی پاک و بێ گوناە بوون. هەموو شتێک لە زەوی و ئاسمان بەگوێرەی خواستی خودا بوو. خودا بە حەزرەتی ئادەم و حەوای فەرموو کە دەتوانن لە میوەی هەموو دارێک بخۆن جگە لە میوەی ئەو دارەی کە لە ناوەڕاستی باخچەکە دایە. خودا ئاگاداری کردنەوە کە ئەگەر میوەی ئەو دارە بخۆن، دەمرن. بەلام شەیتان لەسەر شێوەی مار هاتە لای حەزرەتی ئادەم و حەوا و فێڵی لێ کردن. پێی گوتن، "ئەگەر لە میوەی ئەو دارە قەدەغەیە بخۆن، ئێوە وەک خوداتان لێ دێت و باشە و خراپە دەزانن."

حەزرەتی ئادەم و حەوا میوە قەدەغەکەیان خوارد و فەرمانی خودایان شکاند. هەستیان بە شەرمەزاری کرد. ئەوان یەکسەر هەستیان بە ڕووتی یەکتر

کرد و شەرمەزار بوون لە بەرامبەر یەکتری و لە بەرامبەر خوداش. ئەوان هەوڵیان دا خۆیان دابپۆشن بە پەلکی دار. خودا زانی چییان کرد و هاتە لایان. لەبەر ئەوەی گوناهیان کرد و فەرمانی ئەویان شکاند، گوناه هاتە ناو ئەم جیهانە. هەروەها خودا دەری کردن لە باخچەکەی.

بەڵام لە هەمان کاتدا، خودا میهرەبانی پیشانی حەزرەتی ئادەم و حەوا دا. پێش ئەوەی دەریان بکات، بە ڕەحم و خۆشەویستی خۆی، دیارییەکی پێ دان و داییپۆشین. بەڵام چۆن؟ خودا بە پێستی ئاژەڵ باشتر ئەوانی داپۆشی.

کەواتە بە پێدانی ئەو پێستە پێیان، خودا یەکەمین قوربانی خۆی کرد. حەزرەتی ئادەم و حەوا شایانی مردن بوون لەبەر گوناهەکەیان، بەڵام خودا قوربانی کرد و بە پێستی ئەو ئاژەڵە شەرمەزاری گوناهکردنی حەزرەتی ئادەم و حەوای داپۆشی. ئەو چیرۆکە ئاماژە بەوە دەکات کە بە هۆی قوربانی کردنەوە، خودا ڕەحمی خۆیمان پیشان دەدات و شەرمەزاری گوناهکردنمان دادەپۆشێت.

# پێغەمبەر ئیبراهیم

خودا چەندین ساڵ دوای ئەوە پێغەمبەرێکی نارد کە ناوی پێغەمبەر ئیبراهیم بوو. پێغەمبەر ئیبراهیم زۆر خودای خۆشدەویست. ڕۆژێک خودا پێغەمبەر ئیبراهیمی تاقی کردەوە بە شێوەیەکی زۆر قورس. خودا فەرمانی بە پێغەمبەر ئیبراهیم کرد کە ڕۆڵەکەی بکاتە قوربانی. پێغەمبەر ئیبراهیم دەیویست گوێرایەڵی خوا بێت، لەبەر ئەوە دەستیکرد بە جێبەجیێ کردنی فەرمانی خودا. پێغەمبەر ئیبراهیم کوڕەکەی بردە سەر چیا بۆ ئەوەی بیکاتە قوربانی. بەلام پێغەمبەر ئیبراهیم پێی نەگوت دەتکەمە قوربانی. کاتێک کە لە ڕێگا بوون، کوڕەکەی لێی پرسی: باوکە، کوا ئاژەڵەکە؟ پێغەمبەر ئیبراهیم وەڵامی دایەوە و گوتی: خودا پێمان دەدات.

کە گەیشتنە سەر شوێنی قوربانی کردن، پێغەمبەر ئیبراهیم کوڕەکەی درێژ کرد لە سەر جێی قوربانی کردن و چەقۆکەی هەڵگرت بۆ ئەوەی سەری ببرێت. بەلام خودا ڕایگرت و گوتی: "ڕاوەستە، ئێستا دەبینم کە تۆ دەتەویێ گوێرایەڵی من بیت. ئەوەتە،

بەرانێک کە قۆچی گیر بووە لە ناو ئەو دارە. بەم بەرانە قوربانی بکە لە جیاتی کوڕەکەت." کوڕی پێغەمبەر ئیبراهیم ڕزگار بوو لەبەر ئەوەی خودا قوربانی نارد لە جیاتی ئەو.

لەو چیرۆکەش ئاماژەیەک هەیە بۆ ئێمە. بە هۆی حەزرەتی ئادەم و حەواوە فێربووین کە قوربانی خودا شەرمەزاری گوناە کردنمان دادەپۆشێت. بە هۆی پێغەمبەر ئیبراهیمەوە فێر دەبین کە خودا قوربانییەک دەنێرێت لە پێناوماندا بەو شێوەیەی کە خودا کوڕی پێغەمبەر ئیبراهیمی ڕزگار کرد و لە جیاتی ئەو قوربانی نارد.

## پێغەمبەر موسا

ئێستا دێینە سەر چیرۆکی حەزرەتی موسا کە لە تەورات باسکراوە. جولەکەکان نەوەی پێغەمبەر ئیبراهیم بوون و کۆیلە بوون لە میسر. خودا پێغەمبەر موسای ناردە میسر بۆ لای فیرعەون بەم پەیامە، (گەلەکەم ئازاد کە).

فیرعەون زۆر دڵ ڕق بوو و ڕەتی کردەوە گوێڕایەڵ بێت. بۆیە لە ئەنجامدا خودا چەندین دەرد و

بەڵای گەورەی نارده سەر میسر. ده جار پێغەمبەر موسا ئەو پەیامەی ڕاگەیاند بە فیرعەون. فیرعەونیش دە جار بە دڵ ڕقی ڕەتی کردەوە و دە جار خوداش دەرد و بەڵای نارده خوارەوە. کۆتا دەرد گەورەترینیان بوو. خودا فریشتەی مەرگی نارده سەر میسر بۆ ئەوەی لە شەوێکدا لە هەموو ماڵێک ڕۆحی نۆبەرەکان بکێشێت.

لەبەر ئەو سزایە خەڵکی میسر زۆرترین خەفەتیان دەخوارد، کە پێشتر خەفەتی ئەوهایان نەخواردبوو. بەلام خودا بە پێغەمبەر موسای فەرموو کە بە یەک ڕێگا سزایەکە لەسەر جولەکەکان هەڵدەگیرێ. بە یەک ڕێگا خەڵک ڕزگار دەبن لەو سزایە. ئەو ڕێگایە چ بوو؟ ڕێگایەکە قوربانی کردن بوو.

خودا بە پێغەمبەر موسای فەرموو، بە هەموو ماڵە جولەکەکان بڵێ: با بە بەرخ و بزنی بێ کەموکوڕی قوربانی بکەن. ئینجا ئەوان دەبووایە بە خوێنی قوربانیەکانیان دەرگاکانیان نیشان بکەن بۆ ئەوەی فریشتەی مەرگی خوێنی قوربانیەکانیان لەسەر دەرگا ببینێت تا لەو سزایە ڕزگار ببن. ئەگەر خوێنی قوربانیەکانیان لەسەر دەرگا بێت،

ئەو ماڵە ڕزگار دەبێت. ئەگەر نا فریشتەکە دەچێتە ماڵەکەیان و گیانی نۆبەرەکانیان دەکێشێت. جولەکەکان گوێڕایەڵ بوون و قوربانییان کرد. جولەکەکان دەرگاکانیان بە خوێن نیشان کرد بۆ فریشتەکە. بەمەش ڕزگار بوون لە سزای خودا.

بەڵام گەلی میسر قوربانییان نەکرد و ڕزگار نەبوون. دوای ئەو شەوە، فیرعەون بە پێغەمبەر موسای گوت، (خۆت و گەلەکەت میسر بەجێ بهێڵن). بە قوربانی کردن، گەلی خودا ڕزگار بوون لە کۆیلایەتی فیرعەون و سزای خودا. جولەکەکان بە هۆی خوێنی قوربانیەوە، پارێزران و ڕزگارکران. پاشان خودا شەریعەتی بە گەلەکەی دا لە ڕێی پێغەمبەر موساوە تا پیشانیان بدات چۆن وەک گەلی پیرۆزی خودا بژین.

دیسان ئاماژەیەک هەیە لێرە. بەو شێوەیەی کە خودا بە قوربانکردن ڕێگای ڕزگاربوونی دانا بۆ جولەکەکان، ڕۆژێک دێت کە خودا بە قوربانیەکیتر ڕێگای ڕزگاربوون بۆ ئێمەش دادەنێت. ئەو قوربانییەش ڕزگارمان دەکات لە سزای خودا و لە کۆیلایەتی گوناە.

# پێغەمبەر هارون

دوای ئەوەی کە جولەکەکان میسریان بەجێ هێشت، لە چۆڵەوانی دەژیان. خودا داوای لە پێغەمبەر موسا کرد کە چادرێک دروست بکات بۆ ئەوەی جولەکەکان قوربانی تێدا بکەن بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانیان بەگوێرەی ئەو شەریعەتەی کە خودا دابووی بە گەلەکە لە ڕێی پێغەمبەر موساوە.

خودا بە پێغەمبەر موسای فەرموو کە ژوورێکی پیرۆز لە ناو چادرەکە دروست بکات و بە پەردەیەک جیای بکاتەوە. هارون پێغەمبەر کە برای پێغەمبەر موسا بوو، هوموو ساڵێک بە خوێنی قوربانی دەچووە ژوورە پیرۆزەکە بۆ پاککردنەوەی جولەکەکان لە گوناە. دەبووایە پێغەمبەر هارون بەرخێکی تەواو و بێ کەموکوڕی هەلبژاردبا بۆ قوربانی. خوێنی ئەو بەرخە دەبووە کەفارەتی گوناهی جولەکەکان. هەموو سزای گوناهی جولەکەکان لەسەر ئەو بەرخە بوو کە ساڵانە دەکرایە قوربانی. بە هۆی ئەو قوربانیەوە گەلی خودا پاک دەکرانەوە لە گوناە.

بەڵام پێش ئەوەی پێغەمبەر هارون بتوانێت بچێتە ژوورە پیرۆزەکە پێویست بوو قوربانی بۆ خۆی بکات بۆ ئەوەی خودا لە گوناهەکانی ئەو خۆش بێت و پاکی بکاتەوە، ئینجا بچێتە بەرامبەر خودا لە ژوورە پیرۆزەکە. ڕۆژێک دوو کوڕی پێغەمبەر هارون مردن، کە بە بێ قوربانی کردن نزیک بوونەوە لە ژوورە پیرۆزەکە کە ڕۆحی خودای تێدا بوو. واتا پیرۆزی خودا ترسناکە بۆ ئەوانەی کە پاک نین.

تەنها یەک رێگا هەبوو بۆ پاک بوونەوە لە گوناە، کە ئەویش قوربانی کردن بوو. بە هۆی قوربانی کردنەوە گەلی خودا پاک دەکرانەوە لە گوناە. بۆ ئەوەش پێغەمبەر هارون ڕێگەی پیَ دەدرا کە بچێتە لای خودا لە ژوورە پیرۆزەکە. بۆیە خودا بە پێغەمبەر هارونی فەرموو کە ساڵی جارێک قوربانی بکات. ویستی خودا بۆ لیَ خۆشبوون و ڕێگەدان بۆ هاتنە لای، قوربانی کردن بوو.

بەڵام ئەو قوربانیەی کە پێغەمبەر هارون ساڵانە دەیکرد، تەواو نەبوو. تەنها سزای خودای دوا دەخەست لەبەرامبەر گوناە. کەواتە پێغەمبەر هارون پێویست بوو

ساڵی جارێک قوربانی بکات بۆ لێخۆشبوونی گوناهی گەلی خودا و پاکبوونەوەیان.

لێرە ئاماژەیەک هەیە. بەو شێوەیەی کە خودا ڕێگەی بە پێغەمبەر هارون دا بە قوربانی کردنەوە بچێتە لای بۆ لێخۆشبوون لە گوناهی جولەکەکان، ئاوا ڕۆژێکیش دێت کە خودا قوربانیەک دەنێرێت کە کۆتا قوربانی خۆیەتی بۆ لێخوشبوون لە گوناه و نزیکبوونەوە لە خۆی.

## پێغەمبەر ئیشایا

چەندین ساڵ دوای پێغەمبەر هارون، خودا پێغەمبەرێکی نارد بە ناوی ئیشایا. پێغەمبەر ئیشایا زۆر پێشبینی دەکرد لەو کاتەدا کە جولەکەکان لاواز بوون و ستەمیان لێدەکرا لەلایەن نەتەوەکانی تر. بەڵام لەو بێهیواییەدا، پێشبینی دەکرد بۆ گەلی خودا و پەیامی خودای ڕادەگەیاند و دەیگوت کە خودا ڕزگارکەرێکی ڕاستودرووست دەنێرێت.

ئیشایا پێغەمبەر دەیگوت کە ئەو ڕزگارکەرە بێ گوناه دەبێت و لە کچێکی داوێنپاک لە دایک دەبێت.

هەروەها بە میری ئاشتی و بە ئیمانوێل دەناسرێت، ناوی ئیمانوێل واتە: خودا لەگەڵمانە. دەیگوت کە ئەو دیاری خودا دەبێت بۆ هەموو خەڵک بە هەڵگرتنی تاوانی زۆر کەس و بێتاوانکردنیان.

بەڵام دەبوایە چۆن تاوانی زۆر کەس هەڵبگرێت و بێتاوانیان بکات؟ پێغەمبەر ئیشایا پێشبینی دەکرد کە یەزدان هەموو تاوانەکانی ئێمە دەخاتە سەر ئەو ڕزگارکەرە. ئەم ڕزگارەکەرەش لەبەر تاوان و یاخیبوونەکانمان بریندار دەبێت و وردوخاش دەکرێت. پێغەمبەر ئیشایا دەیگوت کە زۆر زەلیل دەکرێت و ئازار دەچێژێت لەبەر گوناهی ئێمە. وەک ئەو بەرخەی کە ڕادەکێشرێت بۆ قوربانی کردن، ئەویش ئاوا ڕادەکێشرێت بۆ ئەوەی بکرێتە قوربانی. پێغەمبەر ئیشایا دەفەرمووێ کە ئەو ڕزگارکەرە ئابڕووی دەبرێت و تۆمەتبار دەکرێت سەرەڕای ئەوەی کە تەواو و بێ گوناهە.

هەروەها پێغەمبەر ئیشایا دەفەرمووێ، بەو قوربانییە ئێمە هیدایەت دەدرێین و ئازاد دەکرێین لە کۆیلایەتی. هەموو ئەو شتانە بە خواستی خودا ڕوودەدەن

بۆ ئەوەی گوناهەکانمان بسڕێتەوە و شەرمەزار بوونمان لا ببرێت بە قوربانیەکەی.  پێغەمبەر پێغەمبەر ئیشایا دەیگوت ئەو ڕزگارکەرە بە خوێنی خۆی هەموو سزای گوناهەکانمان لە سەر شانی خۆی هەڵدەگرێت و ئاشتمان دەکاتەوە لەگەڵ خوا بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە لای.

لێرەدا ئاماژەیەک هەیە. خودا بە خواستی خۆی، تاوانی خەڵک دەخاتە سەر شانی ڕزگارکەرێک و ئەو ڕزگارکەرەش وەک بەرخێک دەبێتە قوربانی لە پێناوی ئێمە بۆ ئەوەی لە گوناهەکانمان خۆش بێت و شەرمەزاربوونمان لا بات و ئاشتمان بکاتەوە لەگەل خۆی.

## پێغەمبەر یەحیا

٧٠٠ ساڵ دوای پێغەمبەر ئیشایا، خودا پێغەمبەرێکی نارد بە ناوی یەحیا. پێغەمبەر یەحیا هاتنی ئەو ڕزگارکەرەی ڕاگەیاند کە پێغەمبەر ئیشایا باسی دەکرد. لەبەر ئەوەی پێغەمبەر یەحیا پێغەمبەر بوو، شارەزا بوو لە پەیامی پێغەمبەرانی پێشوو کە باسی قوربانی کردنیان کردبوو.  چیرۆکی ئادەم و حەوای دەزانی، چیرۆکی پێغەمبەر ئیبراهیم و پێغەمبەر موسا و پێغەمبەر هارونی

دەزانی. هەرەوەها پێغەمبەر یەحیا دەیزانی کە خودا پلانی قوربانی کردنی هەیە و رۆژێک دێت کە قوربانی تەواوی خۆی دەنێرێت لە پێناوی خەڵک بۆ پاک کردنەوەیان لە گوناە.

ڕۆژێک پێغەمبەر یەحیا قسەی بۆ گەلی خودا دەکرد. دەیگوت ڕزگارکەرە بەلێن پێدراوەکە لە دوای خۆی دێت و پلەی بەرزتر دەبێت لە خۆی. پێغەمبەر یەحیا بەو پەیامەوە نێردرا، (ڕێگای خودا بکەنەوە و ئامادە بن بۆ هاتنی خودا).

ڕۆژێک پێغەمبەر یەحیا قسەی دەکرد و عیسای مەسیحی بینی. خوێنەرانی ئازیز، تکایە گوێم لێ بگرن. پێغەمبەر یەحیا چی کرد کە عیسای مەسیحی بینی؟ کاتێک عیسای مەسیحی بینی، هاواری کرد بۆ ئەوەی هەموو کەس گوێیان لێ بێت، بە دەنگێکی بەرز دەیگوت، (ئەوەتا، بەرخی خودا، ئەوەی کە گوناهی جیهان لادەبات).

یەحیا پێغەمبەر باسی عیسای مەسیحی دەکات وەک بەرخێک. بەڵام بۆ؟ بەرخی تەواو بەکار دەهێنران بۆ قوربانی. هەروەها، هەموومان دەزانین کە حەزرەتی

عیسای مەسیح بێ گوناه بوو. بۆیە پەیامی پێغەمبەر یەحیا ئەمە بوو: عیسای مەسیحی مەسیح لە خوداوە هاتووە بۆ ئەوەی ببێتە قوربانی تەواو تا گوناهەکانی جیهان بسڕێتەوە.

## عیسای مەسیح

عیسای مەسیح و پێغەمبەر یەحیا لە یەک کات و سەردەم و شوێن ژیاون. ڕۆژێک پێش لەدایکبوونی عیسای مەسیح، فریشتەیەک هاتە لای کچێکی داوێنپاک بە ناوی مریەم و پێی فەرموو (بە ڕۆحی پیرۆز کە ڕۆحی خودایە کوڕێکت دەبێت. ناوی عیسای مەسیحی لێ بنێ، لەبەر ئەوەی گەلەکەی لە گوناه ڕزکار دەکات). هەروەها فریشتەکە فەرمووی (ئەو بە میری ئاشتی و بە ئیمانوێل دەناسرێت). عیسای مەسیح زۆر جیاواز بوو لە پێغەمبەرەکانی دی، تەواو و بێ گوناه بوو. زۆر موعجیزەی هەبوو، تەنانەت مردووشی زیندوو دەکردەوە. عیسای مەسیح بە دەسەڵاتی خودا خەڵکی فێر دەکرد.

بەڵام عیسای مەسیح تەنها نەهات بۆ ئەوەی ئاخلاقی باشمان فێر بکات و ببێتە نموونەیەکی جوان بۆ

چۆنیەتی ژیان. عیسای مەسیح زۆر زیاتری لەوە کرد. مەسیح ڕزگارکەرەکەی گوناهباران بوو. بەڵام چۆن مەسیح گوناهبارانی ڕزگار کرد؟ بە بوونە قوربانی.

عیسای مەسیح پێشبینی ئەمەی دەکرد و خەڵکی فێر دەکرد کە ژیانەکەی دەکاتە قوربانی بۆ ئامانجێک. عیسای مەسیح باسی خۆی دەکرد و دەیگوت، (من دەبێت بکوژرێم و دوای سێ ڕۆژ زیندوو ببمەوە). دەیگوت کە ژیان و قوربانی ئەو دەبێتە کەفارەت بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە باوەڕی پێ دەهێنن، بەمەش ژیانی نوێ و هەتاهەتایی وەردەگرن. ئەم پێشبینیانەی ئەو هاتنە دی.

ئینجیلی پیرۆز پێمان دەڵێت کە عیسای مەسیح گیرا و لەخاچدرا لەلایەن پیلاتۆس. ئەوە عیسای مەسیح بوو کە لەخاچدرا. کەسێکی تر نەبوو کە بە عیسای مەسیح بچێت. عیسای مەسیح لەخاچ نەدرا لەبەر هێز و دەسەڵاتی پیلاتۆس یان ڕابەرە جولەکەکان. دەیتوانی سوپای فریشتە بانگ بکات تا ڕزگاری بکەن لە لەخاچدان، بەڵام نەیکرد.

به خواست و ویستی خۆی ژیانەکەی کردە قوربانی، چونکە ئەمە ئامانجی هاتنی مەسیح بوو. ئینجیلی پیرۆز دەڵێت کە کرێی گوناه، مردنە. بەڵام مەسیح نەمرد لەبەر گوناهەکانی، چونکە هیچ گوناهێکی نەبوو. بەڵکو، لەبەر خۆشەویستیەکەی بۆمان، مەسیح گوناهەکانی ئێمەی هەڵگرت و لە پێناوماندا مرد. واتە بە مردنەکەی، کەفارەتی گوناهەکانی ئێمەی دایەوە.

بەڵام ئەگەر مەسیح لە گۆر مابایەوە، ئەوا مردنەکەی بێ سوود دەبوو بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران. بەڵام گەورترین موعجیزە لە مێژووی جیهان ئەوەیە کە مەسیح زیندووبووەوە و لە گۆڕ هەستایەوە. مەسیح زاڵ بوو بەسەر گوناه و مردن.

هیچ مرۆڤێک هێز و دەسەڵاتی نییە بەسەر مردن. بەڵام مەسیح، مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو، تەنها پێغەمبەرێک نەبوو، بەڵکو ڕزگارکەری خودا بوو. زیندووبوونەوەکەی ئەمەی سەلماند کە ڕزگارکەرەکە بەڕاستی نێردراوە لەلایەن خوداوە. زیندووبوونەوەکەی ئەمەی سەلماند کە قوربانیەکەی تەواو بوو و قبوڵکرا لەلایەن خودا.

عیسای مەسیح کۆتا قوربانییە. ئەوەش قوربانییە تەواوەکەیە. دوای ئەوەی عیسای مەسیح خۆی کردە قوربانی، پێویست نەبوو ساڵی جارێک قوربانی بکرێت. خوێنی مەڕ و بزن ناتوانێت گوناهی مرۆڤ بسڕێتەوە. بەڵام خوێنی گرانبەهای عیسای مەسیح بەهێز بوو بۆ سڕینەوەی گوناهی مرۆڤ بە یەکجاری. قوربانی مەسیح خۆشەویستی و بەزەیی خودامان پیشان دەدات.

لە سەرەتاوە، ئەوە بەرنامەی قوربانی خودا بوو. بزانە، وەک یەکەم قوربانی بۆ حەزرەتی ئادەم و حەوا ئاماژە بەوە دەکات کە خودا بە قوربانی شەرمەزاری گوناهمان دادەپۆشێت. بە هەمان شێوە، عیسای مەسیح ئەو کەسەیە کە شەرمەزاربوونمان دادەپۆشێت. هەروەها، وەک چۆن خودا قوربانی دایە پێغەمبەر ئیبراهیم لە جیاتی کوڕەکەی، مەسیحیش لە پێناوماندا بووە قوربانی بە ڕزگارکردنی ئێمە لە مردنی هەتاهەتایی. هەروەها، وەک چۆن خوێنی بەرخ جولەکەکانی ڕزگار کرد لە فریشتەی مەرگ و کۆیلایەتی لە میسر، بە هەمان شێوە خوێنی مەسیحیش لە سزای خودا ڕزگارمان دەکات و لە کۆیلایەتیش ئازادمان دەکات. هەر وەک چۆن هارون ساڵ

دوای ساڵ ئاژەڵی دەکردە قوربانی تا گەلەکەی بە ئاشتی لەگەڵ خودا بژین و لە خودا نزیک ببنەوە، مەسیحیش ئەو کەسەیە کە ئاشتمان دەکاتەوە لەگەڵ خودا و بە خوێنەکەی گوناهەکانمان لا دەبات.

بە هەموو ئەو شتانە دڵنیا دەبین کە عیسای مەسیح کۆتا قوربانی خودایە. خودا یەک قوربانی تەواو و هەتاهەتایی کرد کە ئەویش عیسای مەسیح بوو. عیسای مەسیح تەواوترین قوربانیە. بەهۆی عیسای مەسیحەوە هەموو پێشبینی و پەیام و ئاماژەکانی ڕابوردوو هاتنەدی.

## ئەم چیرۆکە چی مانایەکی هەیە بۆ تۆ؟

ئەم چیرۆکە چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر تۆ؟ دەبێت چ بکەیت بەرامبەر ئەم مزگێنییە؟ خوێنەرانی ئازیز، بۆ پێویست بوو مەسیح ببێتە قوربانی؟ لەبەرئەوەی کە مرۆڤ ناتوانێت خۆی پاک بکاتەوە لە گوناه بە هەوڵی جێبەجێکردنی شەریعەتی خودا. هەمووومان، تەنانەت تۆش، گوناهمانکردووە و شەریعەتی خودامان شکاندووە. کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت (ئەوەی هەموو شەریعەت بەجێبهێنێت، بەڵام تەنها بەندێکی بشکێنێت، ئەوا لە

هەمووی تاوانبارە). بێگومان تۆ بەندێکی شەریعەتت شکاندووە. وانییە؟ بۆیە تاوانباریت لەبەردەمی خودای پیرۆز، باجی ئەمەش دۆزەخە.

خەڵکی زۆر پێیان وایە کە خودا چاوپۆشی لە گوناهەکانیان دەکات لەبەر میهرەبانیەکەی، بەڵام خودا دادپەروەرە. وەک دادوەرێکی دادپەروەر خودا چاوپۆشی لە گوناهەکانمان ناکات لە ڕۆژی قیامەت، بەڵکو بە ڕاستی و بێ لایەنگری هەموو کەسێک حکوم دەدات.

بەڵام مزگێنییەکەی مەسیح ئەمەیە کە خودا خۆشی دەوێین و عیسای مەسیحی کردە قوربانی لە پێناوماندا. ئەم چیرۆکە پیشانمان دەدات ڕێی گەڕانەوە بۆ لای خودا و لێخۆشبوونمان لە ڕێی شەریعەتەوە نییە، بەڵکو لە ڕێی قوربانی مەسیحەوەیە. خودا لە ڕێی مەسیحەوە گوناهباران لەخۆی نزیک دەکاتەوە و دەیانکاتە ڕۆڵەی خۆشەویستی خۆی.

قوربانی مەسیح دیاری و نیعمەتی خودایە بۆ تۆ. بەڵام چۆن ئەم دیاریە وەر بگریت؟ بە باوەڕهێنان بە عیسای مەسیح وەک پەروەردگارەکەت و ڕزگارکەرت. لێخۆشبوونی گوناە بەدەست ناهێنین بە ماندووبوونی

خۆمان، بەڵکو بە نیعمەتی خودایە لە ڕێی باوەڕهێنان بە مەسیحەوە. ئەمڕۆ خودا بانگت دەکات تۆبە بکەیت لە گوناهەکانت و باوەڕ بە مزگێنی مەسیح بهێنیت وەک تاکە ڕێگە بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ خودا.

ئێستا دوو ڕێگە لەبەردەم تۆیە. ڕێگای خودا بۆ ڕزگاربوون و ڕێگای خۆت بۆ لەناوچوون. ئەگەر متمانە بکەیت بەو ڕێگایەی کە خودا بۆ ڕزگاربوونی تۆ دایناوە دڵشاد و بەختەوەر دەبیت. ئەگەر ڕێگەی مەسیح هەڵبژێریت، ژیانی هەتاهەتایی بەدەست دەهێنیت و خودا ڕۆحە پیرۆزەکەییت پێ دەبەخشێت تا ژیانت بگۆڕێت. باوەڕدارانی ڕاستەقینەی عیسای مەسیح بەردەوام نابن لە گوناە، بەڵکو بە هێزی ڕۆحی پیرۆزی خودا، ژیانێکی نوێ بۆ خودا دەژین.

بەڵام دەبێت ئەوە بزانیت، کە بەس ڕێگای خودا ڕێگای ژیانە. جگە لەو ڕێگایە ڕاستەقینە، ڕێگای دیکە نییە بۆ بەهەشت. ڕەنگە شوێنکەوتنی مەسیح وەک پەروەردگارت ببێتە هۆکار کە بچەوسێنرێیتەوە و سوکایەتیت پێبکرێت لەلایەن ئەوانی تر، بەڵام

ئاشتبوونەوە لەگەڵ خودا و لێخۆشبوونی گوناهەکانت شایەنی هەموو باجێکە.

پرسیارێک هەیە لێرە. ئایە تۆ لە سەر ڕێگای خۆت دەڕۆیت کە ڕێگای دۆزەخ و جیابوونەوەیە لە خودا، یانیش لە سەر ڕێگای خودا دەڕۆیت، کە ڕێگای ڕزگاربوونە بە هۆی قوربانیەکەیەوە کە عیسای مەسیحە. ئەگەر ئەو قوربانیە هەرەبەرزەی خودا وەربگرین، ئەوە گوناهەکانمان لا دەبات و شەرمەزاربوونمان دادەپۆشێت و ڕزگارمان دەکات لە سزای خۆی و ئازادمان دەکات لە کۆیلایەتی گوناه چونکە ئەو قوربانیە لە پێناوی ئێمە بوو.

ئێستا چۆن وەڵامی خودا دەدەیتەوە؟ ئەگەر بڕیارت داوە تۆبە لە گوناهەکانت بکەیت و باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنیت وەک پەروەردگار و ڕزگارکەرت، ئەوا بە ڕزگاربوونت دڵشادبە. بزانە کە خودا نایەوێت تۆ وەک باوەڕدارێکی نهێنی و دوور لە باوەڕدارانی تر بژیت.

زۆر گرنگە کە پەیوەندیت بە کڵێسایەکی ئینجیلییەوە هەبێت و بە بەردەوامی لەگەڵیاندا کۆببیتەوە. لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک کڵێسای ئینجیلی بە زمانی

کوردی هەیە و دەتوانیت پەیوەندییان پێوە بکەیت. ئەو کڵێسایانە بە خۆشحاڵیەوە بەخێرهاتنت دەکەن. باوەڕدارانی کڵێسا دەبنە هاوڕێت و باوەڕت دووپات دەکەنەوە و یارمەتیت دەدەن کە چۆن وەک قوتابییەکی مەسیح گەشە بکەیت و بژیت. ئەگەر هیچ کڵێسایەک لە شارەکەت نییە، پەیوەندی بکە بە باوەڕدارانی تر و ئەوان دەتوانن یارمەتیت بدەن وەک قوتابییەکی مەسیح بژیت.

---

**لە ٢٠٢٦ چاپکراوە لە هەولێر**

هەموو ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز لە چاپی کتێبی پیرۆز وەشانی کوردیی سۆرانی ستاندەر (KSS) وەرگیراوە. مافی چاپکردنی لە لایەن ڕێکخراوی بلیکاوە پارێزراوە
(١٩٩٨، ٢٠١١، ٢٠١٦، ٢٠٢٠).

دڵسۆزی

# سەرچاوەی تر

ئەمە ئینجیلی
پیرۆزە بە زمانی
کوردی




ئەمە ڤیدیۆیەکە
لەبارەی پێغەمبەران و
قوربانی



له کوردستان، هەموو ساڵێک خەڵکێکی زۆر ئاهەنگی جەژنی قوربان دەگێڕن بە یادکردنەوەی پێغەمبەر ئیبراهیم و گوێڕایەڵبوونەکەی بۆ خودا کاتێک خودا پێی گوت کوڕەکەت بکە قوربانی. بەڵام ئایا دەزانیت کە چیرۆکی قوربانی بە تەنها پەیوەست نییە بە پێغەمبەر ئیبراهیم؟ حەزرەتی ئادەم و پێغەمبەر موسا و پێغەمبەر هارون و پێغەمبەرەکانی تریش بەشێکن لە چیرۆکی قوربانی لە مێژوودا. خوێنەری ئازیز، تکایە تەنها ١٠ خولەک تەرخان بکە بۆ خوێندنەوەی ئەم نامیلکە تا بزانیت چیرۆکی جوانی خودا و پێغەمبەران و قوربانی چییە.